ئومێد خۆشناو لێبارێی پشوی سێشەمە و ئامادەکارییەکانی لافاو رونکردنەوە دەدات

پارێزگاری هەولێر رایگەیاند، لە کۆبونەوەیان لەگەڵ دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان تەواوی ئامادەکارییەکانیان بە هاتنی شەپۆلی باران بارین کردوە، بە گوێرەی ئەو کار و بەرنامانەش بێت، پۆیست ناکات سبەی پشو رابگەیەنرێت.

ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر لە کۆنفرانسیکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لە رۆژی رابردو کۆبونەوەیەک لەگەڵ سەرجەم دامودەزگاکانی پارێزگای هەولێر ئەنجامدراوە و بە گوێرەی پێشبینییەکان بارانێکی چر دەبارێت، شەپۆلی ئەمجارەش ئەگەری هەیە لە 1:00ی دوای نیوەڕۆ دەستپێبکات و تاوەکو 00:6ی ئێوارە بەردەوام بێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە چوارچێوەی ئەو بەرنامە و رەوشونانەی گیراونەتە بەر، پێشبینی دەکرێن پۆیست ناکات لەبەر هەکاری شەپۆلی باران بارینی سبەینێ، پشو لە پارێزگای هەولێر رابگەیەنرێت.

ئەوشی خستەڕو، هەمو ئەو رەکارانەی لە ماوەی دو ساڵی رابردوگیراوەتە بەر مەترسییەکانی لافاوی لە شاری هەولێر کەمکردوەتەوە، راستە هەندێک شوێن بەرامبەر بە لافاو لاوازن، هەوە دەدەن چارەسەری گرفتی ئەو شوێنانەش بکرێن.